پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)، وئەبو بەکر جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)، وعومەر جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)،

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)، وئەبو بەکر جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)، وعومەر جەڵدەی لێدا ودووری خستەوە (لە خاکی خۆی)».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سنووری شەرعی (حەددی) جێبەجێکرد لەسەر زیناکەرێک کە هاوسەرگیری نەکردبێت بە لێدانی سەد جەڵدە (شەلاق) ودوورخستنەوە لە شوێنی نیشتنەجێبوونی بۆ ماوەی یەک ساڵ، وئەبوبەکر وعومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- هەمان شتیان ئەنجامدا، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوورخستەوە لە شوێنی نیشتەجێبوون -شارەکەی- (التغریب) بەشێکە لە سزادانی زیناکەر وتەواوکاریەتی، وهەڵنەوەشاوەتەوە (نەسخ نەکراوەتەوە)؛ چونکە لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەر جێبەجێ دەکرا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58237